# شانشینی ئاوان (لوڕستان)
# لە سەرچاوە مێخییەکاندا

**پ. ی. د. ئارام جەلال حەسەن هەمەوەندی**
بەشی شوێنەوار/کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Aram.hassan@su.edu.krd

**پ.ی.د. موسا محەمەد خضر**
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Musa.khder.@su.krd

**لوقمان عەبدولواحید عوزێر**
سەنتەری ژینگەیی / شەقڵاوە
abdulwaid39@gmail.com

**پوختەی توێژینەوە**

(شانشینی ئاوان بە یەکێك لە بەهێزترین شانشینەکانی دراوسێی وڵاتی دوو رووبار دادەنرێت لە ماوەی هەزارەی سێهەمی پێش زاین، پایتەختی ئەم شانشینە شاری ئاوان بوو، کە پاشماوەکەی تا ئەمڕۆکەش نەدۆزراوەتەوە، هەندێك لە توێژەر و شوێنەوارناسەکان پێیانوایە ئەم شارە دەکەوێتە کەناری رووباری دیزفوول بەو مەرجەی نزیك بێت لە شاری سووسە ، بەڵام هەندێك لە توێژەر و شوێنەوارناس و پسپۆڕانی بواری زمانە کۆنەکان پێیانوایە پاشماوەی ئەم شارە دەکەوێتەوە ناوچەی لوڕستان لە کوردستانی ئێران. شانشینی ئاوان بە کۆنترین شانشین دادەنرێت کە لە زەوییەکانی لوڕستان لە ماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاین دەرکەوتبێت، لەو ماوەیەشدا دوو بنەماڵە فەرمانڕەواییان کردووە، کە بە بنەماڵەی یەکەم و دووەمی ئاوان ناسراون.

بنەماڵەی یەکەمی ئاوان لە ماوەی سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان فەرمانڕەوایی کردووە و لە لیستی پاشایانی سۆمەری ناوی هاتووە وەك یەکێك لەو شانشینە بەهێزانەی کە پاشایەتی لە وڵاتی سۆمەرەوە بۆ گواستراوەتەوە. بنەماڵەی

دووەمی ئاوان لە ماوەی بەرەبەیانی سێیەمی بنەماڵەی سۆمەرییەکان تا دەگاتە سەردەمی ئەکەدی تا هاتنی گووتییەکان فەرمانڕەواییان کردووە، کە تیایدا لەو ماوەیەدا ١٢ پاشا فەرمانڕەواییان کردووە، لە بەناوبانگترین پاشاکانی بنەماڵەی دووەمی ئاوان بریتین لە (خیتا-Ḫita) کە هاوپەیمانی (نەرام-سین)ی ئەکەدی بووە پەیماننامەیەکیان لە نێوان خۆیان بەستووە، هەروەها پاشا پوزور –ئین شوشیناك کە توانی لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا سنووری شانشینی ئاوان فراوان بکات بە جۆرێك کە گشت وڵاتی ئیلام و ناوچەکانی باکوری بابل بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە .

**وشە سەرەکییەکان** : شانشینی ئاوان ، لوڕستان ، ئیلام ، خیتا ، پۆزۆر-ئین-شوشیناك

**پێشەکی :**

لەماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاین عیلام بە یەکێك لە بەهێزترین دراوسێکانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد دادەنرا، کە زۆر جاران بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر وڵاتی سۆمەر و ئەکەد و دەستی بەسەر داگرتووە یان بە پێچەوانەوە کەوتوونەتە ژێر رکێفی ئەوانەوە. لە ماوەی سەردەمی عیلامی کۆن ( ٢٧٥٠-١٥٠٠پ. ز) چەندین دەسەڵاتی سیاسی لە عیلام سەریان هەڵداوە، کە گرنگترینیان بریتین لە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئاوان (٢٧٥٠-٢٢١٠پ. ز)، دەسەڵاتی بنەماڵەی سیماشکی (١٩٠٠-٢٠٣٠پ. ز) دەسەڵاتی بنەماڵەی سوککال- ماخ (١٨٥٠-١٥٠٠پ. ز) .(أنيس، ٢٠١٧، ١١٦).

دەقی مێخی سۆمەری و ئەکەدییەکان دەربارەی شارە عیلامییەکان زانیارییەکی زۆرمان بەدەست گەیشتووە، ئەمەش وەك لە تێکستە مێخییەکانی نووسینە شاهانەییەکانی سۆمەری و ئەکەدییەکان ، تێکستە مێخییەکانی تایبەت بە لیستی جوگرافی شارە کۆنەکان، ئەرشیفی نامەکان ، تێکستەکانی تایبەت بە نووسراوە ئەدەبییەکان ، کە زۆر جار زانیاریی زۆر ورد و گرنگیان داوە بەدەست سەبارەت بە وڵاتی ئیلام بە گشتی. (Potts, T, 1994, 9 ) . لەبەر رۆشنایی ئەم زانیارییانەی ناو دەقە مێخییەکان، تیشك ئەخەینە سەر مێژووی کۆنی شانشینی ئاوان ( لوڕستان). ( (Alvarez- Mon, J., 2016, 2

شاری ئاوان کە پایتەختی شانشینی ئاوان بووە لە ماوەی نیوەی یەکەمی هەزارەی سێهەمی پێش زاین لە وڵاتی ئیلام کە تا ئێستا پاشماوەکەی نەدۆزراوەتەوە، نەدۆزینەوەی شوێنەواری ئەم کۆنە شارە بۆتە هۆی ئەوەی توێژەران و پسپۆڕانی بواری زمانە کۆنەکان و شوێنەوارناسەکان لێکدانەوە و بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەبێت لەسەر شوێنی راستەقینەی ئەم کۆنە شارە.

هەندێك لە توێژەران پێیانوایە ئەم شارە دەکەوێتە بەرزاییەکانی باکوری رۆژهەڵاتی چیای زاگرۆس (قنبري، ١٣٩١، ٤١) ، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە شاری ئاوان نزیك بووە لە شاری سووسە و تەنها رووباری دێز لێکی جیا کردوونەتەوە

(FRAYNE, D.,1998, 37). گرنگترین ئەو بەڵگانەی کە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن بریتییە لە ڕووداوی ساڵی ١٤ی ساڵنامەی پاشا ئیبی – سین /ibbi-suen کە تیایدا ئاماژەی بە داگیرکردنی شارەکانی سووسە ، ئەدەمدون (ئەدەم شاخ) ، ئاوان، یەك لەدوای یەك کردووە.

ڕووداوی ساڵی ١٤ لە ساڵنامەی پاشا ئیبی – سین کە تیایدا هاتووە :



**mu $^{d}$i-bi$_2$-$^{d}$suen**
**lugal uri$_2^{ki}$-ma-ke$_4$**
**šušan$^{ki}$**
**a-dam-dun$^{ki}$**
**ma-da a-wa-an$^{ki}$-ka**
**u$_4$-gin$_7$ ra bi2-in-gi$_4$**
**u$_4$ 1(diš)-a mu-un-gur$_2$**
**u$_3$ en-bi lu$_2$-a**
**mi-ni-in-dab$_5$-ba-a**

**مانای گشتی :**

(ئەو ساڵەی پاشا ئیبی – سین پاشای ئوور ، شارەکانی سووسە و ئەدەمدون (ئەدەم شاخ) و ئاوان، لە تەنها ڕۆژێکدا وەك ڕەشەبا دەستی بەسەرداگرتن و فەرمانڕەوایی گەلەکەشیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە). ( LEGRAIN, L.:, 1947, No.892).

سەرەڕای ئەمەش سێ دانە تێکستی مێخی شاهانەیی دۆزراونەتەوە کە بۆ پاشا (ریمۆش-Rimuš)ی ئەکەدی دەگەڕێتەوە (FRAYNE, D. .,1993, 51-58)، هەرسێ تێکست ئاماژە بۆ شەڕێکی پاشا ریمۆش لەگەڵ ئیلامییەکان دەکات کە لە نزیك رووباری قابلیتوم- Qablitum [1] روویداوە، (Hansman, J., 1967, 32 ) ئەم رووبارەش لە نێوان شارەکانی سووسە و ئاواندا تێپەڕیوە، تێکستە ئەکەدییەکە زۆر بە وردی باسی لە ناوچەی شەڕەکە کردووە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زۆرێك پێیانوایە کە ئاوان زۆر دوور نەبووە لە سووسە و پاشماوەی شاری ئاوان دەکەوێتە دەوروبەری شاری دێزفوولی ئەمڕۆ بەمەرجێك زۆر دوور نەبێت لە سووسە. ( FRAYNE, D.,1998, 37)

هەروەها دکتۆر (سامی سعید الاحمد) پێیوایە شاری ئاوان دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی سووسە نزیك دیزفول (الأحمد، ١٩٧٨ ،ج١، ٢٥٤).

لە لایەکی ترەوە پرۆفیسۆر (ئەلڤارێز مون Alvarez-mon ) دەڵێت هەرچەندە پاشاکانی شانشینی ئاوان ناوی ئیلامیان هەبووە و کاریگەریی ئیلامیان بە ئاشکرا پێوە دیاربووە بەڵام شارەکە نزیك بووە لە مەڵبەندەکانی شارستانیەتی سۆمەری بە دیوی سنووری زاگرۆسەوە لە ئێران (Alvarez- Mon, J.:,2017, 5.). ئەم توێژەرە پێیوایە پاشماوەی شانشینی ئاوان دەکەوێتەوە ناوچەی لوڕستانی کوردنشینەوە ( Alvarez-Mon, J.,2012, Vol.1, 744).

ڤالات – Vallat پێیوایە شانشینی ئاوان زۆر فراوان بووە و کە بە ناوچەکانی لوڕستان ، کرماشان ، کوردستان ، هەمەدان درێژبۆتەوە تا گەیشتووتە ناوچەکانی

سیالك و وە رەنگە فراوانتریش بووبێت بە ئاراستەی باکورییەوە ( Vallat, F.,1993, CXXII f.). . بڕوانە نەخشەی -١-




**نەخشەی-١-**

دیاریکردنی شوێنی شانشینی ئاوان بەپێی بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر (ئەلڤارێز مون Alvarez-mon)و (ڤالات – Vallat)

بڕوانە (Potts, T, 1994, 11 )

سەبارەت بە شێوازی هاتنی ناوی ئاوان لە نووسینە مێخییەکاندا، تێبینی دەکەین کە ناوی ئەم شانشینە تەنها بە یەك شێواز هاتووە وەك لە خوارەوە هاتووە :(Legrain, L., 1947, No. 0892)



a-wa-an$^{ki}$ شاری ئاوان

زۆر جار شاری ئاوان هاوشانی

شاری ئاوال - A-wa-al$^{ki}$ ) ناوی هاتووە لە تێکستە مێخییەکاندا کە رەنگە نزیکی یەك

بن یان هەردووکیان سەر بە یەك خێزانی زمانەوانی بن. Ebeling, E. and Meissnerm) (B.: ,1932, 324 هەرچەندە ئاوال وەك شانشینێکی گرنگ لە ناوچەکانی حەوزی حەمرین لە دیالە لە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەرییەکان بوونی هەبووە و ئێستاش پاشماوەکەی بە گردی سەلیمە ( تل سلیمە) ناسراوە. (رشید،١٩٨١ ، ١٠)

بەهێزترین بەڵگەی نووسراویش لەسەر شانشینی ئاوان بریتییە لە نووسینە مێخییەکانی سۆمەرییەکان کە ئاماژەیان بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی کردووە لەنێوان شارەکان کە بە (لیستی پاشایانی سۆمەری – Sumerian King List ) ناسراوە (Jacobsen, T., 1939, 83-97). بەپێی زانیارییەکانی ناو ئەم تێکستە بێت پاشایەتی لە دوای تۆفان بۆ یەکەم جار لە شاری کیش دابەزی دواتر پاشای کیش ناسراوە بە ( ئین می باراگیسی – En mebaragisi ) بەیەکەمین پاشا دادەنرێت کە هێرشی کردۆتە سەر ئیلام و دەستی بەسەر داگرتووە (کریمر، ١٩٧٣، ٤٧٤) ، دواتر پاشایەتی لە شاری کیش گواستراوەتەوە بۆ شاری وەرکاء، پاشان لە وەرکاء گواستراوەتەوە بۆ شاری ئوور ، بنەماڵەی یەکەمی ئوور لە دەوروبەری ٢٥٠٠ پ. ز لە سەردەمی دواین پاشاکەی بەناوی میس- ئانی – پادا کۆتایی دێت و دەسەڵات لە شاری ئوور گواستراوەتەوە بۆ ئاوان-Awan ، کە بەیەکەمین دەسەڵاتی سیاسی دەرەکی دادەنرێت، کە لە لیستی پاشایانی سۆمەری دانی پیادانرابێت ( ,Stolper, M.W, 1989 113-114). پاشان لە ئاوان دەسەڵاتی پاشایەتی جارێکی تر گەڕێنراوەتەوە بۆ شاری کیش. دواتر پاشایەتی لە شاری کیش جارێکی تر بە زەبری هێز گواستراوەتەوە بۆ خەمازی ، کە ئەمەشیان بە دووەم دەسەڵاتی سیاسی عیلامی دادەنرێت کە پاشایەتی تیا کرابێت. (Kramer, S. N., 1963, 50-51).

لە راستیدا دەرکەوتنی ناوی ئاوان بە جیا لە ئیلام لە نووسراوە مێخییە سۆمەرییەکان لەم قۆناغە زووەی مێژوودا گرنگیی خۆی هەیە، کە وەك دوو دەسەڵاتی سیاسی یان شانشینی جیاواز خراونەتەڕوو ، ئەمەش بەیەکەم ئیشارەت دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سیاسییەکانی وڵاتی ئیلام.

## بنەماڵەی یەکەمی ئاوان (٢٧٥٠-٢٥٠٠ پ. ز):

بنەماڵەی یەکەمی پاشایەتی ئاوان ناوی هیچ کام لە پاشاکانیان نازانرێت، یان بەلایەنی کەمەوە تا ئێستا بۆ ئێمە نەزانراوە تەنها ئەوە نەبێت کە زانیاریمان هەیە کە پاشایەتی لە شاری ئوور بە زەبری هێز گواستراوەتەوە بۆ شاری ئاوان، ئەم زانیارییەش لە لیستی پاشایانی سۆمەری هاتووە، کە تیایدا هاتووە پاشایەتی شانشینی ئاوان بۆ ماوەی ٣٥٦ ساڵ ماوەتەوە، لەو ماوەیەش تەنها سێ پاشا فەرمانڕەواییان کردووە، کە ناوەکانیان نەزانراوە، ئەمەش چونکە ناوی هەرسێکیان لە تێکستەکە شکاوە (Jacobsen, T., 1939, 94-95). تەنها پاشای سێهەمیان نەبیت کە سەرەتای ناوەکەی ماوە کە بە (کول – ku-ul) دەستپێدەکات و تەنها بۆ ماوەی ٣٦ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە (Ahmed, K.,2012, 61).

پرۆفیسۆر ( لانگدۆن – Langdon ) پێیوایە ئەم سێ پاشایە تەنها ١٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە لە شانشینی ئاوان و پاشان جارێکی تر پاشایەتی گواستراوەتەوە بۆ کیش.(Langdon, S.,1921, 135)

سەبارەت بنەماڵەی یەکەمی پاشایەتی لە ئاوان زانیاریی زۆر کەم لەبەر دەستدایە، کە هیچ یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی ناوی پاشاکان و کارو کردەوە سەربازییەکانیان بزانین، تەنها ئەوەی زانراوە بریتییە لەوەی بنەماڵەی یەکەمی ئاوان لە ماوەی سەردەمی یەکەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەرییەکان بۆ سەردەمی سێیەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەرییەکان ( Early Dynastic I-III)  بوونی هەبووە ( Breton, L.E,1957, 114).

## بنەماڵەی دووەمی ئاوان ٢٥٠٠-٢٢٥٠ پ. ز

لە ماوەی نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، بە گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی ئیلام دادەنرێت، ئەگەرچی زانیارییەکانی پەیوەست بەم شانشینە بە پچڕپچڕی هاتووە، بەڵام بە بەراورد بە بنەماڵەی یەکەمی ئاوان زۆر زیاترە و توانراوە تا رادەیەکی باش زانیاری دەربارەی رووداوە مێژووییەکانی بنەماڵەی دووەمی

ئاوان لەبەر رۆشنایی تێکستە مێخییەکانی پاشایانی سۆمەری و ئەکەدی دەست بخەین. یەکێك لە گرنگترین ئەو تێکستانەی کە لە سووسە(٢) دۆزراوەتەوە ناوی ١٢ کەس هاتووە کە وەك پاشای ئاوان ناوزەند کراون.

کۆنیگ – Konig بەیەکەمین توێژەر دادەنرێت کە ناوی ١٢ پاشاکەی خوێندیتەوە ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە (König, FW. ,1977, 1) :

| | |
|---|---|
| 1. Pi-e'-[l]i' | - پیلی |
| 2. Ta-a-[a]r' | ٢- تار |
| 3. Uk-ku-ta-ḫi-eš | ٣- ئوککوتاخیش |
| 4. Ḫi-i-qat-taš(-šu-ur) | ٤- خیقات تاشور |
| 5. Šu-šu-un-ta-ra-na | ٥- شوشونتارانا |
| 6. [N]a'-pi-il-ḫu-uš | ٦- ناپیلخوش |
| 7. Ki-ik-ku-si-me-te-im-ti | ٧- کیککو سیمی تیمتی |
| 8. Lu-uḫ-ḫi-iš-šà-an | ٨- لوخیششان |
| 9. Ḫi-še-ip-ra-te-ip | ٩- خیشیب راتیب |
| 10. Ḫi-e'-lu' | ١٠- خیلو |
| 11. Ḫi-ta-a | ١١- خیتا |
| 12. MAN^d NINNI.ERIN | ١٢- پۆزۆر-ئینشوشیناك |
| 13. 12 LUGAL^MEŠ šà A-wa-an^K[I] | دوازدە پاشاکانی شانشینی ئاوان |

بەلام گلاسنەر Galssner دواتر [illegible] انشینی ئاوانی بەم شێوەیە خوێندۆتەوە (Glassner,1996, 25):

| | |
|---|---|
| 1. Pi-e'-[l]i' | ١- پیلی / ویتی |
| 2. Ta-a-[a]r' | ٢- تاری |
| 3. Uk-ku-ta-ḫi-eš | ٣- ئوککوتاخیش |
| 4. Ḫi-i-qat-taš(-šu-ur) | ٤- خیشور |
| 5. Šu-šu-un-ta-ra-na | ٥- شوشونتارانا |
| 6. [N]a'-pi-il-ḫu-uš | ٦- ناپیلخوش |
| 7. Ki-ik-ku-si-me-te-im-ti | ٧- کیکوتان تەمتی |
| 8. Lu-uḫ-ḫi-iš-šà-an | ٨- لوخیششان |
| 9. Ḫi-še-ip-ra-te-ip | ٩- خیشیب راتیب |
| 10. Ḫi-e'-lu' | ١٠- خیلو |
| | ١١- خیتا |
| 12. MAN^d NINNI.ERIN | ١٢- پۆزۆر-ئینشوشیناك |
| 13. 12 LUGAL^MEŠ šà A-wa-an^K[I] | دوازدە پاشاکانی شانشینی ئاوان |



**وێنەی -1-**

کۆپی ئەو تێکستە مێخییەی باس لە ١٢ پاشاکەی شانشینی ئاوان دەکات.

بڕوانە: (Potts, T.:1994, 144).

ئەمەش بە یەکەمین بەڵگە دادەنرێت کە ناوی پاشایانی شانشینی ئاوانی تیا هاتبێت لە ناوەوەی وڵاتی ئیلام ، هەروەك هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە لەسەر حەوت پاشای یەکەمی ئەو زنجیرە پاشایە (قشقایی، ١٣٩٠هەتاوی، لا١٢) ، بەڵام ناوی پاشای هەشتەم ( لوخیشان) و نۆیەم ( خیشیپ راتیب) لە نووسینێکی تری مێخی پاشا سەرجۆنی ئەکەدی هاتووە (.FRAYNE, D. .,1993, 23. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زۆربەی پسپۆران وای بۆ دەچن کە ئەو حەوت پاشای یەکەمی شانشینی ئاوان لەپێش سەردەمی ئەکەدی فەرمانڕەواییان کردووە (-38 , 1998, .FRAYNE, D . (39

پاشا پیلی – peli پاڵپشت بەو تێکستەی کە لە سووسە دۆزراوەتەوە بە دامەزرێنەری بنەماڵەی دووەمی ئاوان دادەنرێت (Scheil, 1931, 2) ، کە لەماوەی سەردەمی بەرەبەیانی سێیەمی سۆمەری (Third Early dynastic period) یان بەلایەنی

کەم پێش هاتنی سەرجۆنی ئەکەدی فەرمانڕەوایەتی ئاوانی کردووە ( FRAYNE, D. ,1998, 38.).

لەدوای پیلی تا پاشای حەوتەم بەپێی ریزبەندی ناوەکانیان بێت هیچ زانیارییەك یان کارێکی ئەم پاشایانە لەبواری سیاسی یان کارگێڕی و ئاوەدانکردنەوە بێت بەدەستمان نەگەیشتووە (Cameron , G. G., 1936, 26.). ئەوەی زۆر جێی دڵخۆشییە نووسینێکی مێخی بە زمانی ئەکەدی نووسراوە لە دوورگەی لیان ( بوشەهر) دۆزراوەتەوە کە بۆ پاشای شانشینی ئاوان (کوکوسیوە- تەمتی ) دەگەڕێتەوە، بەڵام زانیاریی تەواومان دەست نەکەوتووە لەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکە ( قشقایی، ١٣٩٠، ١٣).

ئەوەی بەتەواوەتی لێی دڵنیاین لەکاتی هاتنی سەرجۆنی ئەکەدی بۆ دەسەڵات، شانشینی ئاوان بەتەواوەتی ئیلام و مارخاشی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە (Cifuentes, E. Q., 1997, 20).

لە نووسینە مێخییەکانی پاشا سەرجۆنی ئەکەدی ئیشارەت بە ناوی چەندین حاکم و دەسەڵاتدار دەدات لەنێوانیاندا ناوی لوخیشان کوڕی خیشیب- راشینی پاشای ئیلام، ئەمەش بریتییە لە هەمان ناوی هەشتەم و نۆیەمی لیستەکەی سووسە کە دەڵێت لوخیشان کوڕی خیشیب راتبە و لەدوای باوکی هاتووەتە سەر دەسەڵات (Scheil, , 1931, 2, line 8-9) .

کە ئەتوانین دەقی خوێندنەوەی تێکستە مێخییەکە بە زمانی ئەکەدی و مانا کوردییەکەی لەخوارەوە بخەینە بەردەست :

| | |
|---|---|
| Šar-ru-gi | شەرۆکین ( سەرجۆن ) |
| - lugal | پاشای |
| _kiš | _جیهان |
| sag-geš-ra_ | داگیرکەری |
| elam[ki] | ئیلام |
| u3 | و |

| | |
|---|---|
| $pa_2$-ra-aḫ-šum[ki] | پاراخشوم |
| ša _dub $su_4$-a u-sa-$sa_3$-ku-ni | ئەوەی ئەم نووسینە رەش دەکاتەوە |
| [d]en-$lil_2$ | خواوەند ئینلیل |
| [d]utu | خواوەند ئوتو / شەمەش ( خواوەندی خۆر) |
| $u_3$ | وە |
| [d] inanna | خواوەند انانا ( عەشتار) |
| suḫuš_-šu | بنەچەکەی |
| li-$su_2$-ḫa | ریشەکێش بکات |
| $u_3$ | وە |
| _še-numun_-šu | تۆوەکەی ( نەوەکەی) |
| li-il-$qu_3$-$ta_2$ | لەناو ببات |
| NIM[ki] | ئیلام |
| x [...] | (شکاوە) ............ |
| [...] | (شکاوە).............. |
| $nig_2$-LA+IB | بەتاڵانبردنی |
| URU×A[ki] | شاری ئاراوا |
| sa-NAM-si-mu-ut | سەنام – شیموت |
| _ensi2 | حاکمی (پارێزگاری) |
| NIM[ki] | ئیلام |
| lu-uḫ-iš-an | لوخیشان |
| dumu ši-ši-ib-ra-ši-ni | کوڕی خیشیب- راشینی |
| _lugal | پاشای |
| NIM[ki] | ئیلام |
| $nig_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| sa-li-a-mu[ki] | شاری سالیەمو |
| $nig_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |

| | |
|---|---|
| kar$_3$-de$_3$-de$_3^{ki}$ | شاری کاردیدی |
| ul-ul | ئول- ئول |
| šagina (GIR$_3$-NITA | فەرماندەی |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| da-gu | داگو |
| _šeš lugal | برای پاشای |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| ḫe$_2$-ni$^{ki}$ | شاری خینی |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| bu-un-ba-an$^{ki}$ | شاری بوونبان |
| zi-na | زینە |
| ensi$_2$ | حاکمی |
| ḫu-zi-x-x$^{ki}$ | شاری خوزی .... |
| ḫi-da-ri2-da-x | خیدەریدا... |
| ensi$_2$ | حاکمی |
| gu-ni-la-ḫa$^{ki}$ | شاری گونیلاخا |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| sa-bum$^{ki}$ | شاری سابوم |
| ) nig$_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| a-wa-an$^{ki}$ | شاری ئاوان |
| si-id-ga-u$_3$ | سیدگائو |
| šagina (GIR$_3$-NITA$_2$) | فەرماندەی |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| kun$_3$-du-pum | کوندوپوم |
| di-ku$_5$ | دادوەری |

| | |
|---|---|
| $pa_2$-ra-aḫ-šum[ki] | شاری پاراخشوم |
| $nig_2$-LA+IB IB | بەتاڵانبردنی |
| šu-ši-im[ki] | لە شاری شووش ( سووسە) |

لەبەر رۆشنایی زانیارییەکانی ناو ئەو نووسینە مێخییەی سەرجۆنی ئەکەدی بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجۆنی ئەکەدی توانیویەتی تەواوی کەسایەتی و سەرکردە و پاشای دەسەڵاتە سیاسی و ئاینی و یاساییەکانی ناو وڵاتی ئیلام دەستگیر بکات و وەك دەستکەوت رایان بگوازێتەوە بۆ ئەکەد (FRAYNE, D. .,1993, , 23-24).

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرجۆنی ئەکەدی لوخیشانی کوڕی خیشیب راشینی وەك پاشا و دەسەڵاتی باڵای ئیلام ناساندووە بەڵام لە تێکستەکەی سووسە وەك پاشای هەشتەم و نۆیەمی ئاوان دەستنیشان کراون.

نووسینە مێخییەکەی سەرجۆن زانیاریی وردی تیادا هاتووە لەوانە ناوی هەندێك شار و کەسایەتی ئیلامی کە پێشتر نەناسراو بوون لەوانەش، سەنەم-شیموت پارێزگاری ئیلام ، داگۆ ناوی برای پاشای پاراخشۆم ، زینە حاکمی شاری خوزی... ، خیدەربدا حاکمی شاری گونیلاخا ، سیدگائو جەنەراڵی شاری پاراخشوم ، کوندوپوم دادوەری شاری پاراخشوم(٣) .

ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە تاڵانکردن و بردنی سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکی شارەکان و کەسایەتییەکان ئەکات لە گرنگترین ئەو شارانەی کە سەرجۆنی بەتاڵانی بردووە بریتییە لە شاری ئاوان کە بابەتی سەرەکی ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمانە.

لە کۆپییەکی تری نووسینە مێخییەکەی سەرجۆنی ئەکەدی زانیاریی زیاتر خراوەتە روو و باس لەوە دەکات کە هەموو ئەو کەسایەتیانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە بەدیل گرتووە لەگەڵ برێکی زۆر لە دار....( تێکستەکە شکاوە) و گواستوونیەتەوە بۆ شاری ئەکەد (FRAYNE, D. .,1993, 25-26)) ، ئەم

سەرکەوتنەشی بە ناوی یەکێك لە ساڵنامەکانی خۆی کردووە هەروەك لە خوارەوە دەیخەینە روو :

(mu šar-um-gi-ne$_2$ URUxA.KI mu-ḫul-a)

ئەو ساڵەی شەرۆکین ( سەرجۆن ) شاری ئاراوەی کاولکرد

(mu šar-um-gi-ne$_2$ Elam$^{ki}$ mu-ḫul-a)

ئەو ساڵەی پاشا شەرۆ-کین ( سەرجۆن ) ئیلامی کاولکرد ( FRAYNE, D.,1993, 8).

شاری ئاراوەش بەیەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی وڵاتی ئیلام دادەنرێت کە هەر لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین بوونی هەبووە.



**وێنە-٢-**

دەق ئەو تێکستە مێخییەی باس لە هەڵمەتە سەربازییەکەی سەرجۆن ئەکات بۆ سەر شانشینی ئاوان.

لە سەردەمی پاشا ریمۆش کە تەنها ٩ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە ٢٣١٥-٢٠٣٧ پ. ز (سلیم، ٢٠١١، ٦٩) ، زۆرتر بەکپکردنەوەی راپەڕین و یاخیبوونەکانی دژ بە دەسەڵاتی ئەکەدی سەرقاڵ بوو، یەکێك لەو ناوچانەی کە سەربەخۆیی خۆی راگەیاندووە دژ بە دەسەڵاتی ئەکەدی بریتییە لە ئاوان، کە لە هەندێك لە تێکستە مێخییەکان ( Frayne, D.:,1993, 56-59)[٤] زانیاریی تەواومان بەدەست دەدات سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵمەتە سەربازییەکەی پاشا ریمۆش بۆ سەر ئاوان و هاوپەیمانەکانی کە تیایدا بەم شێوەی خوارەوە باسی ئەکات :

1) *rí-m[u-ú]ś*
2) LUGAL
3) K[I]Š
4) *in* REC 169
5) *a-ba-al-ga-maš*
6) LUGAL
7) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
8) *iš$_{11}$-ar*
9) *ù*
10) *si-id-ga-ù*
11) GÌR.NITA-*śu*
12) ŠU.DU$_8$.A
13) *in ba-rí-ti*
14) *a-wa-an*.KI
15) *ù*
16) *śu-śi-im*.KI
17) *in* ÍD
18) *qab$_X$*(DA)*-lí-tim*

ماناکەی :

دێری ١-٨ : ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم.

دێری ٩-١٨: سیدگائو فەرماندەی سەربازی بەدیل گرت لەنێوان شاری ئاوان و سووسە لە کەناری رووباری قابلیتوم.

19) *ù*
20) *bí-ru-tám*
21) *in a-ša-ar* URU
22) *al-śu*
23) *íś-pu-uk*
24) *ù*
25) SUḪUŠ
26) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
27) *in* KALAM
28) NIM.KI
29) *i-sú-uḫ-ma*
30) *rí-mu-úś*
31) LUGAL
32) KIŠ
33) NIM.KI
34) *i-be-al*
35) $^{d}$*en-líl*
36) *u-kál-lim*

دێری ١٩-٢٣ : سەرەڕای ئەمەش لاشەی کوژراوانی وەك گرد بەسەریەکدا هەڵدایەوە لە شارەکە.

دێری ٢٤- ٢٩: هەروەها بناغەی پاراخشومی وێران و ریشەکێش کرد لە زەوییەکانی ئیلام.

دێری ٣٠- ٣٦ ریمۆش پاشای جیهان بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە پاشای ئیلام

دێڕی ٣٧-٤٣ : سوێند بە خواوەندی ئوتو (خواوەندی خۆر) و ئیلابا

ئەم زانیارییانە ڕاستن و درۆ نییە.

دێڕی ٤٥- ٥٣: ئەوەی دەستکاری ئەم نووسینە دەکات، داواکارم لە خواوەند انلیل و خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) دوابڕاوی بکات و نەوەکانی لەناو ببات (Michalowski, P.::1980, 237-238).

37) $^{d}$UTU
38) *ù*
39) *il-a-ba*$_4$
40) *ú-má*
41) *la sú-ra-tum*$_8$
42) *lu kí-ni-íś-ma*
43) *ša* DUB
44) *sú*$_4$*-a*
45) *u-sá-sà-ku-ni*
46) $^{d}$*en-líl*
47) *ù*
48) $^{d}$UTU
49) SUḪUŠ-*śu*
50) *li-sú-ḫa*
51) *ù*
52) ŠE.NUMUN-*śu*
53) *li-il-qù-tá*

تێکستێکی تری مێخی هەیە کە باس لە هەمان ڕووداو دەکات بەڵام بە کەمێك زانیاریی زیاترەوە هەروەك لە خوارەوە دەیخەینە ڕوو :

1) *rí-mu-úś*
2) LUGAL
3) KIŠ
4) *in* REC 169
5) *a-ba-al-ga-maš*
6) ⌈LUGAL⌉
7) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
8) *iš*$_{11}$*-ar*
9) *ù*
10) *za-ḫa-ra*.KI
11) *ù*
12) NIM.KI
13) *in qab*$_x$(DA)*-lí*
14) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
15) *a-na*
16) REC 169
17) *ip-ḫu-ru-ni-im-ma*
18) *iš*$_{11}$*-ar*
19) *ù*
20) 16,212 GURUŠ.GURUŠ

ماناکەی :

١-٨ : ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم.

٩-٢٣: هەریەکە لە زاخارا ، ئیلام لە پاراخشوم کۆبوونەوە بۆ جەنگ، بەڵام ریمۆش بەسەریاندا سەرکەوت و ١٦٢١٢ سەربازی کوشت و ٤٢١٦ی دەستبەسەر کرد.

*u-śa-am-qi*$_4$*-it*
4,216 LÚ×ÉŠ
ŠU.DU$_8$.⌈A⌉

دێڕی ٢٤-٢٧: ئیماخسینی پاشای ئیلامم بەدیل گرت ، هەروەها گشت (......) ئیلامم بەدیل گرت.

دێڕی : ٢٨- ٣١ : هەروەها سیدگائو فەرماندەی سەربازی پاراخشومم بەدیل گرت.

دێڕی ٣٢-٣٦ : هەروەها شار-گا-پی فەرماندەی سەربازی زاخارا

٣٧-٤٢ : لەنێوان شاری ئاوان و سووسە لەسەر کەناری رووباری نێوانیان بەدیل گرت.

٤٣-٤٧ : سەرەڕای ئەمەش لە لاشەی کوژراوانی شارەکە وەك گرد بەسەریەکدا هەڵدایەوە.

٤٨-٦٠: وە شارەکانی ئیلامی داگیرکرد و شوورەی شارەکانی رووخاند، هەروەك پاراخشومی وێران و ریشەکێش کرد لە زەوییەکانی ئیلام.

24) ⸢*ù*⸣ *e-maḫ*(?)*-si-n*[*i*]
25) LUGAL NIM.KI Š[U.DU$_8$.A]
26) *ù kà-la-ma*
27) x x x NIM.KI ŠU.DU$_8$.A
28) *ù si-id-ga-ù*
29) GÌR.NÍTA
30) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
31) ŠU.DU$_8$.A
32) *ù*
33) *śar*-GA-PI
34) GÌR.NÍTA
35) *za-ḫa-ra*.KI
36) ŠU.DU$_8$.A
37) *in ba-rí-ti*
38) *a-wa-an*.KI
39) *ù*
40) *śu-śi-im*.KI
41) *in* ÍD
42) *qáb-lí-tim*
43) *ù*
44) *bí-ru-tám*
45) *in a-ša-ar* URU
46) *al*-⸢*śu*⸣*-nu*
47) *íś*-⸢*pu*⸣*-uk*
48) *ù*
49) URU.KI.URU.KI
50) NIM.KI
51) SAG.⸢GIŠ⸣.RA
52) *ù*
53) BÀD.BÀD-*śu-nu*
54) Ì.GUL.GUL
55) *ù*
56) SUḪUŠ
57) ⸢*pá-ra-aḫ-śum*.KI⸣
58) [*in* KALAM]
59) [NIM.KI]
60) [*i-sú-uḫ-ma*]

61) [*rí-mu-úš*]
62) [LUGAL]
63) [KIŠ]
64) NIM.[KI]
65) *i-be-al*
66) [d]*en-líl*
67) *u-kál-lim*

٦١-٦٧: ریمۆش پاشای جیهان ، بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە فەرمانڕەوای ئیلام.

68) *in ša-an-tim*
69) *ša-li-iš-tim*
70) *ša-ti*
71) [d]*en-líl*
72) *šar-ru*$_X$(URU×A)-*tám*
73) *i-dì-nu-šum*$_6$
74) ŠU+NÍGIN 9,624
75) GURUŠ.GURUŠ
76) *a-dì mi-qi*$_4$-*tim*

٦٨-٧٧ : لە ساڵی سێیەم کە خواوەند ئینلیل دەسەڵاتی پاشایەتی پێم بەخشی ، کۆی گشتی ئەوانەی کە کوژراون و یان بەدیل گیراون بریتی بوو لە ٩٦٢٤ پیاو.

77) *a-dì* LU×ÉŠ
78) [d]UTU
79) *ù*
80) *il-a-ba*$_4$
81) *ú-má*
82) *la sú-ra-tum*$_8$
83) *lu ki-ni-iš-ma*

٧٨- ٨٣: سوێند بە خواوەندی ئوتو (خواوەندی خۆر) و ئیلابا

ئەم زانیارییانە ڕاستن و درۆ نییە.

84) *ì-nu*
85) REC 169
86) *šu*$_4$-*a*
87) DÙL-*šu*
88) *i*[*b-ni*]-*ma*
89) *a-na*
90) [d]*en-líl*
91) *ša-li-mi-šu*
92) A.MU.RU

٨٤- ٩٢: لە ماوەی ئەو جەنگەدا پەیکەرێکی خۆی دروست کرد و لە پەرستگای خواوەند ئینلیلی دانا لە پێناو خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی.

93) *ša* DUB
94) *śu₄-a*
95) *u-śa-sà-ku-ni*
96) $^{d}$*en-líl*
97) *ù*
98) $^{d}$UTU
99) SUḪUŠ-*śu*
100) *li-sú-ḫa*
101) *ù*
102) ŠE.NUMUN-*śu*
103) *li-il-qù-tá*

۹۳-۱۰۳: هەر کەسێك دەستکاری ئەو نووسینە بکات هیواخوازم خواوەند ئینلیل لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابڕاوی بکات.

104) *ma-na-ma*
105) MU
106) *rí-mu-úś*
107) LUGAL
108) KIŠ
109) *u-śa-sà-ku-ma*
110) *al* DÙL
111) *rí-mu-úś*
112) MU-*śu*
113) *i-śa-kà-nu-ma*
114) DÙL-*mi-me*
115) *i-qá-bi-ù*

۱۰۴-۱۱۵: هەرکەسێك ناوی پاشا ریمۆش بسڕێتەوە و ناوی خۆی لەشوێنی لەسەر پەیکەری ریمۆش بنووسێت و بڵێت ئەوە پەیکەری منە.

116) $^{d}$*en-líl*
117) *be-al*
118) DÙL *śu₄-a*
119) *ù*
120) $^{d}$UTU
121) SUḪUŠ-*śu*
122) *li-sú-ḫa*
123) *ù*
124) ŠE.NUMUN-*śu*
125) *li-il-qù-tá*
126) NITA
127) *a i-dì-na-śum₆*
128) *maḫ-rí-íś*
129) *ì-lí-śu*

۱۱۶-۱۳۰: هیواخوازم لە خواوەند ئینلیل، خاوەنی ئەو پەیکەرە ، وە خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابڕاوی بکات، هیواخوازم هیچ نەوەیەکی لەپاش خۆی نەمینێت تا شوێنی بگرێتەوە

، هیواخوازم نەتوانێت لەپێش پەیکەری خواوەندە کەسییەکەی خۆی بڕوات.

130) *e* DU
131) 30 MA.NA
132) KÙ.GI
133) 3,600 MA.NA
134) URUDU
135) 300 IR₁₁ GÉME
136) *ì-nu*
137) NIM.KI
138) *ù*
139) *pá-ra-*⌈*aḫ*⌉*-śum*.KI
140) SAG.GIŠ.RA-*ni*
141) *u-ru-a-am-ma*
142) *a-na*
143) $^{d}$*en-líl*
144) A.MU.RU

۱۳۱-۱۴۴: لەو کاتەی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر

ئیلام و پاراخشوم ئەنجامدا ، بڕی ٣٠ مەنا زێڕ ، ٣٦٠٠ مەنا زیو ، ٣٠٠ کۆیلەی ژن و پیاوی لە ئیلام و پاراخشوم هێنا و پێشکەشی خواوەند ئینلیلی کرد ( Frayne , D.:,1993, 52-55).

**مانای گشتی تێکستەکە :**

((ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم. هەریەکە لە زاخارا ، ئیلام لە پاراخشوم کۆبوونەوە بۆ جەنگ ، بەڵام ریمۆش بەسەریاندا سەرکەوت و ١٦٢١٢ سەربازی کوشت و ٤٢١٦ی دەستبەسەر کرد ، ئیماخسینی پاشای ئیلامم بەدیل گرت ، هەروەها گشت ( ......) ئیلامم بەدیل گرت. هەروەها سیدگائو فەرماندەی سەربازی پاراخشومم بەدیل گرت، شار-گا-پی فەرماندەی سەربازی زاخارا لەنێوان شاری ئاوان و سووسە لەسەر کەناری رووباری قابلیتوم بەدیل گرت ، لاشەی کوژراوان لە شارەکە وەك گرد بەسەریەکدا هەڵدرابوویەوە. شارەکانی ئیلامی داگیرکرد و شوورەی شارەکانی رووخاند، هەروەك پاراخشومم وێران و تەخت کرد لە وڵاتی ئیلام .

ریمۆش پاشای جیهان ، بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە فەرمانڕەوای ئیلام. لەساڵی سێیەم کە خواوەند ئینلیل دەسەڵاتی پاشایەتی پێ بەخشیم، کۆی گشتی ئەوانەی کە کوژراون و یان بەدیل گیراون بریتی بوو لە ٩٦٢٤ پیاو. سوێند بە خواوەندی ئوتو ( خواوەندی خۆر) و ئیلابا ئەم زانیارییانە راستن و درۆ نییە. لەماوەی ئەو جەنگەدا پەیکەرێکی خۆی دروست کرد و لە پەرستگای خواوەند ئینلیلی دانا لە پێناو خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی ، هەروەك دوعای لەو کەسە کردووە کە دەستکاری ئەو نووسینە بکات هیواخوازم خواوەند ئینلیل لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابڕاوی بکات ، یان هەرکەسێك ناوی پاشا ریمۆش بسڕێتەوە و ناوی خۆی لەشوێنی لەسەر پەیکەری ریمۆش بنووسێت و بڵێت ئەوە پەیکەری منە. هیواخوازم لە

خواوەند ئینلیل ، خاوەنی ئەو پەیکەرە ، وە خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابڕاوی بکات ، هیواخوازم هیچ نەوەیەکی لەپاش خۆی نەمینێت تا شوێنی بگرێتەوە ، هیواخوازم نەتوانێت لەپێش پەیکەری خواوەندە کەسییەکەی خۆی بڕوات.

سەرەڕای ئەمەش پاشا لە کۆتایی تێکستەکەی شانازی بەوە دەکات کە دیاری زۆر گرنگی پێشکەش کردووە بە پەرستگای خواوەند ئینلیل کە تیایدا دەڵێت : ((لەوکاتەی هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر ئیلام و پاراخشوم ئەنجامدا ، بڕی ٣٠ مەنا زێڕ، ٣٦٠٠ مەنا زیو، ٣٠٠ کۆیلەی ژن و پیاوی لە ئیلام و پاراخشوم هێنا و پێشکەشی خواوەند ئینلیلی کرد)) (Frayne , D.:,1993, 52-55 ).

لەم دوو تێکستەی ریمۆش کە لەسەرەوە خستوومانەتە روو لە تێکستی یەکەمیان دەڵێت فەرماندەی سەربازی سیدگائو لە کەناری رووباری قابلیتوم لە نێوان شاری ئاوان و سووسە دەستگیر کردووە ئەمەش وادیارە دوای شکانی سوپای ئیلامی لەبەرامبەر سوپای ئەکەدی بووە. بەڵام لە تێکستی دووەم ناوی سەرکردەیەکی سەربازی و شارێکی تر دەهێنێت کە دەڵێت شارگاپی فەرماندەی سەربازی شاری زەخارا بەدیل گرتووە لە کەناری رووباری قابلیتوم لە نێوان شاری ئاوان و سووسە .

ئەم جیاوازییەش لە زانیارییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەندین تێکست دۆزراونەتەوە کە باس لە هەمان رووداو دەکەن هەندێکیان شکاون و زانیارییەکانیان پچڕ پچڕە بەڵام هەندێکیان ساغ و نەشکاون و زانیاریی تەواو ئەدەن ، هەروەك نابێت ئەوەمان بیربچێت کە هەندێك لە تێکستەکان لە سەردەمی بابلی کۆن دووبارە نووسراونەتەوە و کۆپیکراونەتەوە لەسەر نوسخەی کۆنتر.

بە وردبوونەوە لەم تێکستە مێخییەی ریموش زانیاریی زۆر وردمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر زۆرێك لە شار و بنکە شارستانیەتەکانی وڵاتی ئیلام لە لایەك ، هەروەها زانینی ناوی کەسایەتی و سەرکردە ئیلامییەکان و یەکگرتنیان دژی فراوانخوازی و هەڵمەتی ئەکەدییەکان لە لایەکی ترەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە لە زانیارییەکانی ناو ئەو تێکستە بۆمان دەردەکەوێت کە وڵاتی ئیلام زۆر دەوڵەمەند بووە

بە زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ کە پاشا ریمۆش شانازی پێوە کردووە بەوەی بڕێکی زۆر لە زێڕ و زیو و هەروەها کۆیلەی هێناوەتەوە بۆ وڵاتی ئەکەد و پێشکەشی خواوەند ئینلیلی کردووە. هەروەها لەچەند نووسینێکی تری مێخی بۆمان دەردەکەوێت کە ریمۆش لەدوای هەڵمەتە سەربازییە سەرکەوتووەکەی سەر ئیلام چەندین کەلوپەلی دروستکراو لە بەردی بەنرخ پێشکەش بە هەریەکە لە پەرستگای خواوەند ئینلیل و خواوەند سین، خواوەند ئوتو ( شەمەش) پێشکەش کردووە (Frayne , D.:,1993, 60-69)[٥]

هەرچی لە سەردەمی پاشا مانشتوسو کە براگەورەی ریمۆش بوو، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە (اوبنهایم، ١٩٨١، ٤٤٣) ، لە یەکێك لە نووسینەکانی ئەم پاشایە باس لە شەڕێکی گەورە دەکات دژ بە وڵاتی ئیلام و شیریخوم ( شیراز) کە تیایدا دەڵێت سی و دوو پاشا یەکیان گرتووە لە وڵاتی ئیلام دژ بەدەسەڵاتی مانشتوسو ، کە تیایدا دەڵێت:

"هەڵمەتێکی سەربازیم دژیان کردووە کە بە کەشتی لە رێگەی کەنداوی فارسەوە کە گەیشتمەجێ لە کەناراوەکان پاشای ٣٢ شاری بۆ ئەوەی لە دژی من بجەنگن ، بەڵام توانیم بەسەریاندا زاڵ بم، پاشاکانیان لە دەسەڵات بهێنمە خوارەوە ، هەروەك دەڵێت لەم هەڵمەتە سەربازییەدا توانیتم بڕێکی زۆر لە زیو و بەردی رەشی دایۆرایت لە قووڵایی چیاکان دەربهێنم و بەکەشتی بیگوازمەوە بۆ بەندەری شاری ئەکەدی پایتەخت" (Frayne , D.:,1993, 75-77) .

پسپۆران پێیانوایە خیلو - ḫelu لە سەردەمی ریمۆش دا پاشای شانشینی ئاوان بووە ، سەرکردایەتی ئەم یاخیبوونەی شارە ئیلامییەکانی کردووە دژ بەدەسەڵاتی ئەکەدی؟ (Hinz, W.:,1972, 74-75).

دەقە مێخییەکانی سەردەمی پاشا نەرامسین (٢٢٩١-٢٢٥٥ پ. ز) (روو، ١٩٧٩، ٢١٤) ئاماژە بەوە دەکەن کە توانیوێتی گشت زەوییەکانی ئیلام داگیر بکات ( Elizabith, C. :1943, 14) هەروەك خۆی ناوزەند کردووە بە فەتحکردنی زەوییەکانی

ئەرمانۆم ، ئیبلا ، ئیلام (Tinney, S.,1995, 1–14.). لە دەقێکی مێخی پاشا نەرامسین دەڵێت :

ša-pi-ir ... KALAM NIM[KI] ka-li-ša-ma a-di$_2$-ma -ba-ra-aḫ-ši[KI] u KALAM šu-bar-tim[KI] a-di GIŠ.TIR GIŠ.EREN

(گشت وڵاتی ئیلامم داگیرکرد.... لە باراخشیەوە تا سوبارتۆ لەوێشەوە تا دارستانەکانی ئرز.(Selz, G.J., 1991, 42 )

ئەم دەربڕینەی نەرامسین ئەم راستییە دەردەخات کە گشت ناوچەکانی ئیلام و باکوری میسۆپۆتامیا و وڵاتی شامی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە . بەڵام ئەم دەست بەسەرداگرتنەی نەرامسین بۆ ئیلام بە لایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە، واتە ئیلام لەلایەن چەند حاکم و کاربەدەستێکی ئیلامی بەڕێوەدەبرا بەڵام لەژێر دەسەڵاتی ئەکەدییەکان بوو ، بەڵگە شوێنەواری و تێکستە مێخییەکان پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەکەنەوە لە سەرەتاکانی دەسەڵاتی نەرامسین کەسێك بە ناوی ( ئیپر- موبی / Epir-Mubi ) فەرماندەی سەربازی (گیرنیتا / GIR$_3$.NITA$_2$ )( Bringman, j. and Hinz, W: )(Others, CAD, vol.Š1 , 170 [٦]) ئیلام و حاکمی شاری سووسە ناوی هاتووە ( 1967, ZA 58, 66-96..) ، ئەمە ئەوکاتەی کە خیلو پاشای شانشینی ئاوان بووە .(Cifuentes, E. Q., 1997, 20)

هەروەها تێکستێکی تری مێخی کە لەسەر رووی قاپێك نووسراوە و بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی نەرامسین دەگەڕێتەوە کەسێك بەناوی (ئیلی- ئیشمیئانی / ili-išmi'ani) وەك فەرماندەی سەربازی (گیرنیتا / GIR$_3$.NITA$_2$ )ی ئیلام ناساندووە. لەکاتێکدا کە خیتا - ḫita پاشای شانشینی ئاوان بووە (Frayne, D.: 1993, 303).

بەگشتی لەبەر رۆشنایی زانیارییەکانی ناو تێکستە مێخییەکان پەیوەندیی ئیلام لەگەڵ وڵاتی دوو رووبار لە سەردەمی نەرامسین پەیوەندییەکی ئاشتییانە و دراوسێیانە بووە بە بەراورد لەگەڵ پاشاکانی پێش خۆی. کە تیایدا دەسەڵاتی سیاسی ئیلام لەژێر فەرمانڕەوایەتی شانشینی ئاوان بووە لە سەردەمی خیتا کە پاشای یازدەهەمی شانشینی ئاوانە هاوسەردەم بووە لەگەڵ نەرامسین ، زانیارییەکان ئاماژە

بۆ ئەوە دەکەن کە خیتای شانشینی ئاوان لە ساڵی ٢٢٨٠ پ.ز  پەیماننامەیەکی لەگەڵ نەرامسینی پاشای ئەکەد بەستووە، کە بەیەکەمین پەیماننامە دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتی کە لەنێوان شانشینی وڵاتی دوو رووبار (ئەکەد) لەگەڵ شانشینی دەرەکی (شانشینی ئاوان) ببەسترێت ( زادە، ١٣٧٠هـ، ٨-٩). ئەم پەیماننامەیە بەزمانی ئیلامی و نووسینی مێخی نووسراوەتەوە لەسەر هەردوو رووی تاتە قوڕێك ( الأحمد ،١٩٨٣،٣٦).

دەق ئەو پەیماننامەیەش لە پەرستگای خواوەند ئین- شوشیناك / IN-Šušinak ی لە سووسەی پایتەخی ئاینی ئیلام دانراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بە نرخی پەیماننامەکە، کە تیادا هاتووە نەرامسین پاشای ئەکەدی خۆی و دارودەستەکەی هاتوونەتە سووسە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ خیتای پاشای شانشینی ئاوان، لەو پێناوەش پەیکەرێکیان بۆ نەرامسین دروست کردووە و لە پەرستگای خواوەند ئین شوشیناك دانراوە بۆ مەبەستی تەمەن درێژیی پاشا نەرامسین (حسان، ٢٠٠٦، ١٣٧).

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بەستنی ئەو پەیماننامەیە لەنێوان شانشینی ئەکەدی و شانشینی ئاوان بریتی بووە لە هەوڵی نەرامسین بۆ دوورخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی شانشینی ئاوان لە گووتییەکان کە لە ناوچە چیاییەکانی باکوری ئیلام  لە هەمەدان دەریاچەی ورمێ تا دەگاتە ناوچەکانی سلێمانی بڵاوبوونەوە (رشید، ١٩٩٠، ٥٣-٦٦) بەداخەوە بەشی زۆری دەقە مێخییەکەی کە باس لەو هاوپەیمانیەتە دەکات شکاوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی زۆر گرنگی تیا هاتووە ، کە لە سەرەتای دێڕێکی شکاوە هەیە کە تیایدا هاتووە :

" من (خیتا) هەوڵدەدەم شەڕانگێزی و خراپەکاری لە زەوییەکانی ئەکەد دەربکەم" (Hinz, W,1972, 75)

هەروەها لە سەرەتای ئەو پەیماننامەیە ناوی خواوەندەکان هاتووە ، کە نزیکەی ناوی ٣٧ خواوەند هاتووە، وەك خواوەند (پینیکر ، خوبان ، ناخونتێ ، ئین – شوشیناك ، شیموت، خوربی ، خوتران، نارونتێ ، ئامال ، ئەنکاراك، ....)، هەروەها

خواوەند نەنورتا کە وەك تاکە خواوەندی بیانی ( واتە دەرەوەی ئیلام) ناوی لە پەیماننامەکە هاتووە (Cameron, G. G, 1962, 35).

هەروەها لە بڕگەیەکی تری تێکستە مێخییەکە هاتووە :

( تەنانەت پاشاکانیش دەنگیان دەخەنە پاڵ خواوەندەکان)

هەروەك لە بڕگەیەکی تر لە ستوونی دووەم لە تێکستەکە هاتووە :

" پاشا دەبێت بەوەفا بێت بۆ خواوەندی خۆر ( ناخونتێ)

پاشا دەبێت ملکەچی خواوەند ئین- شوشیناك بێت (Hinz, W,1972, 76).

ئەم زانیارییەی سەرەوە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە پاشا نەرامسین دەبێت دان بەگەورەیی خواوەند ئین- شوشیناك بنێت ، هەر ئەمەشە وایکردووە کە پەیکەری خۆی لە پەرستگای ئەم خواوەندە لە سووسە دابنێت.

لە ستوونی سێیەمی نووسینە مێخییەکە لەسەر زاری پاشا خیتای ئاوانی هاتووە :

" دوژمنەکانی نەرامسین دوژمنی منن، دۆستەکانی نەرامسین دۆستی منن" ( زادە، ١٣٧٠ هـ ، ٨)

وادیارە پاشای ئەکەدی نەرامسین زۆر متمانەی بە لایەنی دووەمی پەیماننامەکە (شانشینی ئاوان) نەبووە، لەبەر ئەوە بۆ مەبەستی زامنکردن و دڵنیایی وەرگرتن لە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە چەندین کەسی نزیك لە پاشا خیتای شانشینی ئاوان وەك بارمتە لەگەڵ خۆی بردووە بۆ شاری ئەکەد( حسان، ٢٠٠٦ ، ١٣٧).

لە ئەنجامی ئەم زانیاریانەی کە لە ناو تێکستە مێخییەکەی تایبەت بە پەیماننامەکە بە دەستمان گەیشتوون بۆمان دەردەکەوێت کە خیتا پاشای ئاوان سەر بە دەسەڵاتی ئەکەدی بووە ، ئەمەش بە بەڵگەی :

١- سوێند خواردنی خیتا بەوەی کە دوژمنەکانی نەرامسین دوژمنی منن ، دۆستەکانی نەرامسین دۆستی منن ، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ دەربڕینێکی لەم جۆرەی نەرامسین بۆ خیتا نییە .

٢- بەبارمتە بردنی هەندێك لە کەسایەتی گرنگی ئیلامی رەنگە ( خزم و کەسە نزیکەکانی پاشا خیتا) بۆ ئەکەد و وەك زەمانەتێك و کارتێکی فشار لەسەر خیتا بۆ ئەوەی بە ناچاری پابەندی هاوپەیمانیەتەکە بێت بە پێچەوانەوە ژیانی کەسە نزیکەکانی خۆی ئەخاتە مەترسییەوە.

ئەم کارەش بەیەکەمین هەواڵی بردنی بارمتە دێت بۆ دڵنیایی وەرگرتنی لایەنی یەکەم لە پێناو پابەندبوونی لایەنی دووەم بە رێککەوتنی نێوانیان ( محان ، ٢٠١١ ، ٧١).

لە دێڕی دوازدەهەم لەسەر زاری خیتای پاشای ئاوان هاتووە :

" وەك پاڵپشتییەك بۆ نەرامسین قوربانیم پێشکەش بە خواوەند – ئینشوشیناك کردوە بۆ ئەوەی نەفرەت و نەعلەتی خواوەند بەهەرکەسێك بکەوێت کە بیەوێت دەقی ئەو هاوپەیمانیەتە لە پەرستگا دەربێنێت یان بدزێت" ( هینتس، ١٣٧١ش، ٨١).

لەکاتی دانان بە هاوپەیمانیەتەکە بە شێوەیەکی فەرمی پاشا نەرامسین خۆی هاتووەتە سووسەی پایتەختی ئاینی ئیلامی ، لەڕێگەی وەزیر و کاهنی تایبەتی خۆیەوە ( شادریش تەکال – Šadriš-takal) پەیکەرێکی خۆی لە پەرستگای خواوەند ئین-شوشیناك داناوە بۆ مەبەستی تەمەن درێژی و سەلامەتی پاشا نەرامسین[٧]. ئەم کارەش وایکرد کە شانشینی ئاوان و هاوپەیمانەکانی واجب بێت لەسەریان بەرگری لە نەرامسینی هاوپەیمانیان بکەن کە لە بڕگەیەکی تێکستەکە هاتووە :

تەنانەت وارخاشی (مارخاشی) و هاوپەیمانەکانی ئیلام پێویستە لەسەریان بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی پاشای ئەکەد ، ئەو پاشایەی کە هەڵسا بە قۆڵبەست کردنی پاشا خوپشوم- کیمبی....، هەروەها هەمان چارەنووس چاوەڕێی فەرمانڕەوا

یاخیبووەکانی ناوچەی چیاکان لە باکوری رۆژئاوای ئیلام دەکات، لەوانە فەرمانڕەوای ئارمان ، بەتایبەتی ساتوونی پاشای لولوبی(Hinz, W,1972, 76-77.

لە پێناو پتەوکردنی زیاتری هاوپەیمانەتیەکە پاشا خیتای شانشینی ئاوان کچی خۆی داوەتە نەرامسین ، ئەمەش لە بەشێکی هاوپەیمانەتیەکە هاتووە کە پاشا نەرام-سین دیاریی زۆری بەخشیوە بە خیتای پاشای شانشینی ئاوان ، ئەم دیارییەش بریتی بووە لە دیاری ( مارەیی) هاوسەرگیری (ألأحمد و الهاشمي ، ١٩٨٥،٥٤) . هەروەها لەسەر زاری خیتای ئاوانی هاتووە :

" دیارییەکەم لە نەرامسین وەرگرت، هەر لەبەر ئەمەشە نەتەوەی ئیلام گشتیان بەرگری لە نەرامسین دەکەن" ( محان،٢٠١١، ٧٣).

هەروەها لە برگەیەکی تری هاوپەیمانیەتەکە هاتووە کە پاشای ئاوان ئاواتەخوازە منداڵێکی لە خێزانەکەی ( کچەکەی خیتا) ببینێت بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری تەختی پاشایەتی لە ئەکەد کە تیایدا هاتووە :

" ئایا دەکرێت خێزانەکەت نەوەی تۆی ببێت.

دەمەوێت نەتەوەکەت دڵخۆش بێت" ( مهران،١٤٩، ١٩٩٠).

لە کۆتاییدا لە زانیارییەکانی ناو ئەو پەیماننامەیە بۆمان دەردەکەوێت کە لایەنی ئەکەدی مەرجی زۆر زیاتری سەپاندووە بەسەر لایەنی ئیلامی ئەمەش رەنگە ئەنجامدانی ئەو پەیماننامەیە لەدوای سەرکەوتنی لایەنی ئەکەدی بێت بەسەر لایەنی دووەم (شانشینی ئاوان) هەر بۆیەش بەم جۆرە داڕێژراوە.

ئەم پەیماننامەیە لەپاڵ ئەوەی زانیاریی مێژوویی زۆر گرنگی تیا هاتووە ، هەروەها بە سەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی زمانی ئیلامی دادەنرێت (علی، ٢٠١٩ ، ٢٤٨). دەقی تێکستی مێخی ئەم پەیماننامەیەش لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراوە (Hinz,1972, 76). کوتیك – ئین شوشیناك (پۆزۆر – ئین – شوشیناك)( رینیە لابات، ٢٠٠٤، ٥٣)[٨] برای خیتای پاشای ئاوان بووە لە ماوەی ٢٢٤٠-٢٢٢٠ پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە ، وە حاکمی شاری سووسە بووە لە سەردەمی پاشا نەرامسین (ألأحمد و الهاشمي ، ١٩٨٥،٥٤). بەڵام هەندێك لە توێژینەوەکان ئاماژە

بۆ ئەوە ئەکەن کە ئامۆزای پاشا خیتا بووە، هەروەك پۆزۆر-ئین شوشیناك خۆی لە یەکێك لە نووسینەکانی خۆی دەڵێت کوڕی شیمبی –ئیششوکم( Cameron, G.G., 1962, 36) هەرچۆنێك بێت کوتیك ئین شوشیناك بە بەهێزترین و بەناوبانگترین پاشاکانی شانشینی ئاوان دادەنرێت(عصفور، د.ت، ٤٠٢-٤٠٣). کوتیك-ئین شوشیناك هەر لەسەرەتاوە وەك فەرماندەیەکی سەربازی بەهێز دەرکەوتووە لە سووسە، لەوکاتەی کە خیتای برای پاشای ئاوان بوو، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەکەدی و شانشینی ئاوان چەندین هەڵمەتی سەربازیی ئەنجامداوە بۆ سەر هەریەکە لە ناوچە چیاییەکانی باکوری رۆژئاوا، توانی یاخیبوون و راپەڕینەکانی ناوچەکانی کیماش و خورتی دژ بە دەسەڵاتی ئەکەدی دابمرکێنیتەوە (Stienkeller ,2017, 126). بەهەمان شێوە بەفەرمانی نەرامسین بە کپ کردنەوەی یاخیبوونەکانی هەریەکە لە شارەکانی خوپشانا لە ئیلام و خوخنوری و شیلوان و موتوران (علی، ٢٠١٩ ، ٢٥١). هەروەها توانیویەتی هەڵمەتی سەربازی بۆ ناو جەرگەی وڵاتی گووتییەکان ئەنجام بدات (ألأحمد و الهاشمي ،١٩٨٥، ٥٥).

بەهاتنی پاشا شارکەللی شاری بۆ سەر تەختی ئەکەد (٢٢٠٦-٢١٨١پ.ز ) کۆتیك ئین –شوشیناك زۆر زیاتر دەسەڵاتەکانی خۆی فراوان کرد و توانی سووسە و ئەنشان بەتەواوەتی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە ، پاشان سنووری شانشینی ئاوانی فراوان کرد تا گەیشتە سیماشکی لە بەشی رۆژهەڵاتی سووسە ، بەڵام لە بەشی رۆژئاوا گەیشتە باکوری بابل. ئەم پاشایە بە دواهەمین پاشای بنەماڵەی دووەمی ئاوان دادەنرێت(Potts, T.,1994, 122) ، چەندین دەق تێکستی مێخی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە سەرەتا تێکستەکاني بە زمانی ئەکەدی نووسیوە بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر تێکستەکانی بە زمانی ئیلامی نووسیوە وەك زمانی فەرمی شانشینی ئاوان بەکاریهێناوە، ئەمەش بەواتای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و رزگاربوون لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ئەکەدی لە سەردەمی شارکەللی شاری ( Cameron, G.G. 1962., 36). ئەم پاشایە لە نووسینەکانی خۆی چەندین نازناوی مەزن و گرنگی داوەتە پاڵ ناوی خۆی لەوانەش " پاشای وڵات ، هەڵبژاردە ( المختار) ، سەرکەوتوو ( المنتصر ) ،

پاشای بەهێز ، پاشای چوار لاکانی جیهان ، پاشای ئاوان " ، ئەمانەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزیی ئەو پاشایە و فراوانی سنووری دەسەڵاتی شانشینی ئاوان لە سەردەمی خۆیدا پیشان دەدات (Javier, 2016, p173). هەندێك لە سەرچاوەکان وا پیشان دەدەن کە پوزور ئین شوشیناك بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتی کردووە تەنانەت دوای رووخانی دەوڵەتی ئەکەدی لەسەر دەستی گووتییەکان، هەر مابوویەوە لەسەر تەختی پاشایەتی شانشینی ئاوان، هەروەك ئاماژە بە مانەوەی ناوچەکانی باکوری بابل لەژێر دەسەڵاتی شانشینی ئاوان دەکەن لەو کاتەی ئوتو حیکال فەرمانڕەوایەتی شاری وەرکای ئەکرد. هەندێك لە توێژەران مێژوویەکی تازەتر ئەدەن بە پۆزۆر ئین – شوشیناك و ئەڵێن هاوسەردەم بووە لەگەڵ گودیا و ئورنەممۆ ، بەڵام ئەمەیان هیچ بەڵگەیەکی زانستی و پاشماوەی شوێنەواری و نووسینی مێخی نییە تا ئەو بۆچوونە پشتڕاست بکاتەوە (قشقایی ، ١٣٩٩، ٢٢٢).

وادیارە دوای ئەوەی گووتییەکان سەرکەوتوو بوونە لە رووخاندنی دەوڵەتی ئەکەدی و داگیرکردنی بەشێکی زۆری وڵاتی دوو رووبار توانیویانە لەو دیوی زاگرۆسیشەوە هێرش بکەنە سەر شانشینی ئاوان و ئەویش بڕووخێنن بەم جۆرەش هەواڵی پۆزۆر ئین شوشیناك دوا پاشای بنەماڵەی ئاوان کۆتایی دێت و شانشینی ئاوانیش دەڕووخێت (Stienkeller, P.: 2017, 126).

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم : سەرچاوە عەرەبییەکان**

١- الأحمد ، سامی سعید (١٩٧٨)، المدخل الی تاریخ العالم القدیم ( العراق حتی العصر الأكدي ) ، ج١ ، بغداد

٢- الأحمد، سامي سعيد ، رضا جواد الهاشمي (١٩٨٥)، تأريخ الشرق الأدنى القديم ايران و الأناضول، بغداد.

٣- اوبنهايم ، ليو (١٩٨١)، بلاد مابين النهرين ، ت: سعدي فيضي عبدالرزاق، بغداد.

٤- حسان ، أحمد عبدالرحمن عابدين محمد (٢٠٠٦)، المعاهدات الدولية ، دراسة في تأريخ العراق القديم في الألفين الثالث والثاني قبل الميلاد، اطروحة دكتوراه ، جامعة الزقازيق.
٥- الجميلي ، عامر عبدالله (٢٠٠٥) الكاتب في بلاد الرافدين القديمة، دمشق،
٦- راشد، اديب أنيس (٢٠١٧)، عيلام " الأهواز " ارض الصراعات منذ فجر التاريخ حتى دخول البويهيين الى بغداد سنة ٣٣٤هـ/ ٩٤٦م ، ط١، بيروت
٧- رشيد ، جمال (١٩٩٠)، تأريخ الكرد القديم ، أربيل .
٨- رشيد ، فوزي (١٩٨١) اقدم الكتابات المسمارية المكتشفة في حوض حمرين، بغداد
٩- روو ، جورج (١٩٧٩)، العراق القديم ، ت: حسين علوان حسين ، الموصل.
١٠-كريمر ، صموئيل نوح (١٩٧٣) السومريون، ترجمة ، فيصل الوائلي ، الكويت.
١١-عصفور ، محمد ابوالمحاسن (د.ت)، معالم تأريخ الشرق الادنى القديم من اقدم العصور الى مجيء الاسكندر، بيروت.
١٢-علي ، سعاد عبدالجبار (٢٠١٩)، العيلاميون تاريخهم الحضاري والسياسي، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة واسط .
١٣-غيث سليم (٢٠١١)، أكد و اور الثالثة من النشأة حتى السقوط ، ط١، دمشق، ١٩٨١.
١٤-لابات ، رينيه (٢٠٠٤) ، قاموس العلامات المسمارية ، ترجمة الأب البير ابونا وآخرون، مطبعة المجمع العلمي ، بغداد.
١٥-مهران ، محمد بيومي (١٩٩٠)، "تاريخ العراق القديم" في مصر والشرق الأدنى ، الأسكندرية.

**دووەم : سەرچاوه فارسییەکان**

١- قشقايى ، حميد رضا ( ١٣٩٠هـ)، گاهنماى تاريخ ايران ، ايلاميان، تهران ١٣٩٠هەتاوی

٢- قشقایی ،حمید رضا (١٣٩٩هـ)، بازنگری در تاریخ ایلام ( دوران أوان) ، مجله کندوکاو ، شماره ١١ ، تهران.
٣- قنبري، لیلا (١٣٩١هـ)، تاریخ ایران باستان ( فرهنگ و تمدن ایلام) دانشگاه ازاد اسلامی، تابسا.
٤- هینتس ، والتر (١٣٧١هـ)، دنیای گمشده ایلام، ترجمه: فیروز فیروزینا، تهران.

### سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان

1- Ahmed, K. (2012), the beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500 B.C), Leiden.
2- Alvarez- Mon, J. (2012),"Elam: Iran's First empire" in Archaeology of Ancient Near East, USA:, Vol.1,
3- Alvarez- Mon, J. (2016) 'the elamite civilazation' from Ancient History Vol.46, Maquire university
4- Alvarez – mon, J. (2016), Puzur-Inšušinak", the last king of akkad text, 2016.
5- Alvarez- Mon, J.( 2017), Elamite Civilazation , from " ancient History", Vol.64, maquire university, ,
6- Breton, L.E.(1957), the Early Period at Susa, Mesopotamian Relations, Iraq, Vol.19, No.2, London.
7- Bringman, j. and Others. (1989). Chicago Assyrian Dictionary, CAD, vol.Š1
8- Cameron , G. G. (1936), History of early Iran , Chicago.
9- Cifuentes, E. Q. (1997), Historia de Elam, El Vecino Mesopotamico, Murcia.
10-Ebeling, E. and Meissnerm B.( 1932), Realliexikon der Assyriologie, RLA, Vol.1, Leipzig.
11-Elizabith, C. (1943), Elam: surveys of political history and archaeology. (University of California publications. Near Eastern studies; vol. 25.
12-FRAYNE, D. . (1993), Sargonic and Gutian period , London, RIME 2,
13-FRAYNE, D.( 1998), Presargonic period , London , RIME, Vol. 1.
14-Glassner, . J. (1996), Les Dynasties D'awan Et De Shimashki. Un
15-Document De Suse." Nouvelles Assyriologiques Brèves et Utilitaires(1)., Germany 1996

16-Hansman, J.( 1967), Charax and the Karkheh, Iranica antiqua, Vol.7,

17-Jacobsen, T. (1939), The Sumerian King List, Assyriological Studies, Chicago.

18-Hinz, W (1967), "Elams Vertrag mit Naram-Sîn von Akkade,", ZA 58

19-Hinz, W. (1972), the lost word of Elam, London.

20-König, FW. (1977) Die Elamischen Königsinschriften. Osnabrück, Biblio Verlag

21-Kramer, S. N.( 1963), Sumerians, Their History , culture and Character, Chicago.

22-Langdon, S.(1921), the Early chronology of Sumer and E-gypt and similarities in their culture, Journal of Egyptian of Archaeology, vol.7, No.3/4, USA.

23-LEGRAIN, L. (1947) Business Document of the Third Dynasty of Ur, London , UET 3

24-Michalowski, P. (1980), New Sources concerning the Reign of Naram-Sin, JCS, Vol.32, no.4, USA.

25-Nasrabadi, B. M.( 2004), Elam: Archeology and History, Bochum.

26-Potts, T. (1994) Mesopotamia and the East an Archaeological and Historical study of Forign relations 3400-2000B.C, Oxford.

27-Scheil,R. (1931) Revue d'Assyriologie et d'Archéologie Orientale (Paris Vol.20.

28-Selz, G.J. (1991), "'Elam' Und ' Sumer'"- Skizze Einer Nachbarschaft Nach Inschriftlichen quellen der vorsargonischen Zeit, RAI, Vol. 34 , 1991

29-Stienkeller, P.(2017), the birth of Elam in history, the Elamite world,routledge, New York.

30-Stolper, M.W.( 1989), Awan , from Encyclopaedia Iranica, vol..3,

31-Tinney, S. (1995), 'A new look at Naram-Sin and the "Great Rebellion"', USA, JCS, Vol. 47

32-Vallat, F. (1980), Suse et 1'Elam, Recherche sur les grandes civilizations, Memoire 1, Paris.

33-Vallat, F.,(1993) Reportoire Geographique de Textes Cuneformes, Vol.11, Wiesbaden.

## پەراوێزەکان:

(1) رووباري قابليتوم-Qablitum : ئەم رووبارە کە لە نووسینە مێخییە شاهانەییەکانی پاشا ریمۆش ناوی هاتووە بریتییە لە رووباری (دێز)ی ئەمڕۆ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

Hansman, J.: Charax and the Karkheh, Iranica antiqua, Vol.7, 1967, p.32

(٢) لە سەردەمی بابلی کۆن نووسەرەکان هەڵمەتێکی زۆر گرنگی دەست پێکرد کە بریتی بوو لە کۆپیکردنەوەی ئەو تێکستانەی کە بۆ سەردەمەکانی زۆر کۆنتر و پێش خۆیان دەگەڕێتەوە ، ئەوەش بۆ ئێمەی توێژەر سوود و قازانجێکی زۆری هەبووە ، هەندێك جار تێکستێکی کۆن دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی سێیەم دەگەڕێتەوە باس لە رووداوێك ئەکات بە هەمان شێوە تێکستێکی تر دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەم دەگەڕێتەوە بەڵام باسی هەمان رووداو ئەکات. لە کۆمەڵگای کۆنی وڵاتی دوو رووبار کەسان و نووسەری تایبەتی هەبوون کە پیشەیان بریتی بوو لە کاری لەبەرگرتنەوە یان کۆپیکردنەوەی تێکستەکان کە ناوبانگیان بە ( نووسەری لەبەرگرتنەوە ) دەرکردبوو کە لە زمانی سۆمەری بە (DUB. SAR. GEŠTU$_2$. SU) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ : (الجميلي، ٢٠٠٥، ص٩٧)

(٣) بۆ یەکەمین جار ناوی ئەم کەسایەتی و شارە ئیلامییانەی سەر بە شانشینی ئاوان لەم دەقە مێخییە هاتوون وە تا ئێستا زانیاریی زیاتریان دەربارە نازانرێت.

(٤) ئەو تێکستانەی بەدەستمان گەیشتوون بریتییە لە چەند دانەیەك کە وادیارە دووبارە لە سەردەمی بابلی کۆن نووسراونەتەوە و کۆپی کراونەتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

(Frayne, 1993, RIME, Vol.2, 56-59).

(٥) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی تێکستە مێخییەکان بگەڕێوە بۆ :

(Frayne,1993, RIME 2, 60-69).

(٦) GIR$_3$.NITA$_2$ : وشەیەکی سۆمەرییە هاو واتاکەی لە زمانی ئەکەدی پێی دەڵێن (شەکاناککو-šakkanakku) کە بەواتای سەرلەشکر یان فەرماندەی سەربازی سوپا دێت ( حاكم عسكري). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

(Bringman, CAD, vol.Š1 , 170).

(٧) ئەم کارەی نەرام سین بەرامبەر بە خواوەند ئین – شوشیناك گەورە خواوەندی ئیلامی بریتییە لە داننان بە گەورەیی و مەزنی و دەسەڵاتی ئەم خواوەندە.

(٨) ناوە بنەڕەتیە ئیلامییەکە بریتییە لە کوتیك – ئین شوشیناك بەڵام لە تێکستە ئەکەدییەکان بە پۆزۆر ئین – شوشیناك/ Puzur-En-Šušinak) ئاماژەی بۆ کراوە کە ناوەکەی بە مانای ( نەنێی خواوەند ئین – شوشیناك) دێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر مانای ناوەکە بڕوانە :
(لابات ، ٢٠٠٤، ص٥٣).

## الملخص

## مملكة آوان ( لورستان ) في المصادر المسمارية

تعتبر مملكة آوان من اقوى الممالك المجاورة لبلاد الرافدين في الألف الثالث قبل الميلاد، وكانت عاصمتها مدينة آوان التي لم تكتشف موقعها لحد ألآن، هناك آراء عديدة حول موقع المدينة، ومنها حسب رأي بعض الباحثين انها تقع بالقرب من نهر ديزفول على ان لا تكون المدينة بعيدة عن مدينة سوسة ، ويعتقد البعض الاخر ان بقايا المدينة تقع في منطقة لورستان والتي تمثل عاصمة مملكة آوان.

شهدت منطقة لورستان ظهور اقدم مملكة عيلامية في الالف الثالث قبل الميلاد، حيث حكمت فيها سلالتين حاكمتين، عرفت باسم سلالة آوان الأولى والثانية، سلالة آوان الأولى كانت تحكم من خلال عصر فجر السلالات السومرية، وقد ذكرت في قائمة الملوك السومريين كأحد الدول والمدن التي انتقلت اليه ملوكية بلاد سومر .

في حين سلالة آوان الثانية حكمت في عصر فجر السلالات الثالث مرورا بالعصر الأكدي وتستمر الى مجيء الكوتيين للحكم في بلاد الرافدين ، حيث حكم فيها ١٢ ملكا. ومن اشهر ملوك سلالة آوان الثانية الملك خيتا التي قام بأتفاقية سلام مع نرام سين الأكدي ، و الملك بوزور - ان-شوشيناك التي وسع من حدود مملكة آوان ليشمل كل بلاد عيلام والمناطق الشمالية لبلاد بابل.

**الكلمات الدالة : مملكة آوان ، لورستان ، عيلام ، خيتا ، بوزور-ان-شوشيناك**

**Abstract**

**Kingdom of Awan (Loristan)**

**in the cuneiform sources**

The Kingdom of Awan is one of the most powerful neighboring kingdoms of Mesopotamia in the third millennium BC, and its capital was the city of Awan, whose location has not yet been discovered. There are many opinions about the site of the city, Some researchers believe that it is located near the Dizful River, provided that the city is not far from the city of Susa, Others believe that the city's remains are located in the region of Luristan, which represents the capital of the Kingdom of Awan..

The region of Lurestan witnessed the emergence of the oldest Elamite kingdom in the third millennium BC, where two dynasties ruled, known as the first and second Awan dynasties, the first Awan dynasty that was ruling during the Early Sumerian dynastic period, and it was mentioned in the Sumerian king list as one of the countries and cities that the kingship of Sumer passed to him.

While the second Awan dynasty ruled in third dynasties period through the Akkadian period and continued until the Gutians came to rule in Mesopotamia, where 12 kings ruled. One of the most famous kings of the second dynasty of Awan, was King Ḫita, who made a peace agreement with akkadian king Naram-Sin. And another famous King was Puzur-En-Šušinak, who expanded the borders of the Kingdom of Awan to include all the countries of Elam and the northern regions of Babylonia.

**Key words:**

Kingdom of Awan, Luristan, Elam , Ḫita, Puzur-En-Šušinak